www.kurdistannet.org
7-4-2003 23:40

# حیزبی بەعس دەبێت لە ڕەگەوە دەرهێنرێت

**حیزبی بەعس ئەو دەسەلاتە نەگریسەی کە وشە نییە بە بالای ببڕین. لە ماوەی ٣٥ سالّ دەسەلاتداریەتیدا و زیاتر لە نیو سەدە لە تەمەنی سیاسی تۆوی ڕق و کینە و ڕاسیزم و شۆفینیزم و فاشیزمی لەناو کۆمەلگەی عێراقیدا بلاوکدۆتەوە.**

**لە ماوەی تەمەنی دەسەلاتداریەتیدا، کوشت و بڕو کۆمەلّ کوژی وچەوساندنەوەی نەتەوایەتی و مەزهەبی، شەڕو و مالوێرانی تالان و بڕۆ، ( تەعریب و تەبعیس و ترحیل) زیندانی و ئەشکەنجەو هەلّواسین، سەرکوتی سیاسی و دیکتاتۆریەت تۆقاندن و زەبرو زەنگ و دەیان ناسنامەو تایبەتمەندی کە سیمای ئەم پارتە بووە.**

لە هەمان کاتدا لە پەروەردە کردنی جەلادی دلّ ڕەقدا بێ وێنە بووە. یمە ئەو لایەن و کەسانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە داواکارین لە ئایندەی ئێراقدا ڕێگە بە بەعسی و هەلگرانی بیری بەعس نەدرێت، و ڕێگەی چالاکی سیاسی لە هەموو بەعسیەکان بگیرێت. جارێکی دیکە ڕێگە نەدرێت بە هەلگرانی بیری عەفلەق و حصری و کرداری صدام و علی حسن مەجید لەم ولاتەدا چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن وە بۆ هەتا هەتایە ئەو بیرو کردارە لە کۆمەلگەی ئێراقدا یاساغ بکرێت.

ناوەندی هەلّەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک
chak_org@yahoo. com
CHAK
http://www. chak. info
7-4-2003

کوردستان نێت:

ئەگەر بەڕێزت لەگەلّ ناوەڕۆکی ئەم نامەیەی (ناوەندی هەلّەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک) دایت، تکایە لە خوارەوە ناو ئیمایلی خۆت بنووسە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت